# ئێران لە دەلاقەی دووربینی ڕووسەکانەوە

**(وێنەکانی ئەلێکساندەر ئەیاس ١٩٠١ بۆ ١٩١٤)**

**جان چالێنکۆ**
**لە ئینگلیزییەوە: نەبەز هێمن**
**(سوێد)**

دواتر لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەم هێرش کرایە سەر میاندواو، بەر لە جێهێشتنی شوێنەکەی ئەیاس بە سواری ئەسپ گەڕایەوە بۆ نشینگە کاتییەکەی بۆ کۆکردنەوەی هەندێک کەلوپەلی لەبیرچووی. ئەمە ئەو کاتە بوو تەقەی لێ کرا، پاشان سەریان لە لەشی جیاکردەوە، کردیان بە نێزەیەکەوە و لەبەرانبەر ئەو قۆشەنە یاخییە ڕێژە ڕۆیشتن.

ئەلیکساندەر ئەیاس وەک ئەفسەرێکی فەرمی ئیمپراتۆری ڕووسیا، هەروەها وەک زمانناسێکی خاوەن توانایی ڕەوانەی ڕۆژهەلاتی ناوین کرا، شوێنێک کە کێشە و هەرای لەسەر بوو و لە دۆخێکی شێواودا بوو. (١)

وەک وێنە هەلگرێکی تازەکار وێنەی ئەو خەلک و سروشتەی گرت کە تووشیان دەبوو، کە دواجار هەموو وێنەکان بوون بە بەلگەیی. ئەیاس لە ئاداری ١٩٠١ تا کاتی کوژرانی لە کانوونی یەکەمی ١٩١٤ لە ئێران ژیا. لەم ماوەیەدا بە بەردەوامی خەریکی وێنەگرتن بوو، دوورە دیمەنی کارەکانی بێ هاوتا و تایبەت بوون. جیا لە کارەکانی وێنەگرتنی "ئانتوان- سێوروگین"(١٨٣٠- ١٩٣٣) زۆربەی وێنە بەجێماوەکانی ئەم ناوچەیە لە لایەن گەشتیارانی ئەورووپایی و ئەمریکایی کێشراون. (٢)

وێنەکانی ئەیاس بریتین لە تۆماری شەخسی، پۆرترێتی خەلک، ڕووداو و ئەو شوێنانەی کە بە جۆرێک لە پێوەندی لەگەل ژیان و کاری ئەودا بوون. وێنەکانی ئەو بۆ ئامانجی قازانجی ئابووری، بلاوکردنەوە و پەخش، یان بۆ کاری پێشانگە نەبوون. بە بەکارهێنانی دووربینی



پانۆرامیک و شێوە ستاندارد، ئەیاس تۆمارێکی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەری لەو ناوچە دوورە گرد و کۆ کردەوە. (٣)

## زماناس و وێنەگرێکی لێهاتوو

ئەلیکساندەر ئەیاس لە ٢٧ی ئەیلوولی ١٨٦٩ لە بنەماڵەیەکی فیلاندی لە شاری "لۆویزا" کە ئەو کات سەر بە ئیمپراتۆری ڕووسیا بوو، لە دایکبووە. (٤)

بنەماڵەکەی لە چینی مامناوەند بوون و سەر بە ئاغا و دەوڵەمەندان نەبوو (باوکی بەرگدروو بوو)، ئەیاسی لاو بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی نێررایە قوتابخانەی ئەفسەری لە شاری"هامین"ی فیلاند کە هاوکات بوو لەگەڵ وێنەگر و لاوی چالاک "کارل گۆستاف مانیەرهەیم"(١٨٦٧- ١٩٥١). سەرگروبان ئەلیکساندەر ئەیاس لە ساڵی ١٨٩١ خوێندنی تەواو بوو، لە کاتێکدا لە زمانەکانی سوێدی، فیلاندی، ڕووسی، فەڕەنسی و ئینگلیزی شارەزایی پەیدا کردبوو. دوای پەیوەست بوونی بە هەنگی لیتوانی گاردی تزار لە "وارشۆ" درێژەی بە خوێندنی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە وەزارەتی دەرەوە لە سان- پترسبۆرگ"دا. ئەو توانی زمانی فارسی و دوو لقی زمانی ئەفغانی ئۆردوو و پەشتوو تەواو بکات. بۆ چەند ساڵ دواتر توانی زمانی کوردی لقی کرمانجی بەو کۆمەڵە زمانانەی دەیزانی زیاد بکات. لە تەمووزی ١٨٩٨ بە پلەی کاپیتانی ئەفسەرەکان ڕەوانەی بنکە و بارەگاکانی سوپای دووی تورکستان لە "ئەشک-ئاباد" کرا.

یەکەمین وێنەکانی ئەیاس لە "تاشکەند" و "ئەشک-ئاباد" لەو ماوەیەدا گیراون. ئەمانە بریتین لە وێنەی ئەو کۆڵان و شەقامانەی پێیدا تێپەڕیوە و بە خێرایی و ڕاستگۆیانە گرتوونی. ئێمە تەنیا دەتوانین لە ڕووی ئەو دووربینەی لەو ماوەیەدا لە ئێران بەکاری هێناوە گریمانە بکەین. دەکرێت بڵێین هەموو کەلوپەلە تایبەتەکانی ئەیاس لەو ڕووداوە تاڵانەی کە بە کوژرانی ئەیاس لە ساڵی ١٩١٤ گەیشتە چڵەپۆپە لەناوچوون. ئەندازەی نێگەتیڤە بەجێماوەکان تا ساڵی ١٩١١، بۆ وێنە شێوەی وێنەکان (57X82 ملیمەتر 1/4 X 3 1/4 2 ئینج کە سەر بە فۆڵدینگی گیرفانی (کۆداک)ن، کە ساڵی ١٨٩٧ بەرهەم هاتوون. (٥)

پاشان لە دوای ساڵی ١٩١٢ شێوەی وێنەکان بۆ /1 3 4X5 1/2 ئینج، دەگۆڕدرێن، کە ڕێک و جۆرە لەگەڵ (83X140 ملیمیتر)3A فۆڵدینگی گیرفانی کۆداک کە ساڵی ١٩٠٣ بەرهەم هاتووە، یان ژمارە ٢ ئێستریۆ برۆونی" لە ١٩٠٥، هەرچەندە کە سێ دانە دووربینی تری کۆداک هەر هەمان سایزی فیلم بەکار دەهێنن کە دەبێ وەک ئەگەری شیاو لە بەرچاو بگیرێت. بۆ ئەم دووربینانە دەبێ دووربینێکی پانۆراما زیاد بکرێ کە دواتر باسی لێوە دەکەین. دەزانین کە ئەیاس بۆ ئیشی دەرخستنی وێنەکان پێویستی بە ژوورێکی تاریک(تاریکخانە) بووە و ئەمە لەو سەرچاوانەی جاروبار لە پشتی وێنەکان و کارت پۆستاڵەکان بۆ خوشک و دایکی لە شاری"لۆویزا" ناردوونی، دەردەکەوێت. ئەو لە ڕێگەی تۆڕی پێوەندیی نیزامی خۆیەوە ئەو کەلوپەل و کەرەستە کیمیاییانەی دەست دەخستن.

## ئێران و پانۆراماکان

لە ١٤ی مانگی ئاداری ١٩٠١، ئەیاس فەرمانی پێ کرا کە بەرەو شاری بچووکی"تۆربەت- حەیدەری" لە خوراسان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بڕوات، بە مەبەستی چاودێریکردنی یەکەی بەرگری دژە تاعوون (وێنەی١). بە هاوڕێیەتی بیست قەزاق و دکتۆرێک، ئەرکی ئەوە بوو ناوەندی تەندروستی و قەڕەنتینەیەک بەڕێوە ببات، لە هێڵێکی ٣٠٠ کیلۆمەتری بەڕێوەبەراتییەکە گشت ئەو کاروانە بازرگانییانەی لە باشووری ئێران و هندستانی سەر بە ئینگلیز بۆ ڕووسیا سەفەریان دەکرد، ڕادەگیران و دەپشکنران تا دڵنیا بن کە ئەمانە نە نەخۆشی تاعون و نە هیچ نەخۆشییەکی تریان



نییە. بریتانیا، هەرچۆنێک بێت خۆی بەم قەناعەتە گەیاندبوو ئەمە کردەیەکە بۆ پەرەپێدانی سنوورەکانی باشووری ڕووسیا و هەڕەشەیە بۆ سەر ڕێگەی زەمینی بریتانیا بۆ خاکی هیندستان، هەر بۆیە قونسولگەرییان لە "تۆربەت" کردەوە کە بە شێوەیەکی هەفتانە ڕاپۆرتی لەسەر چالاکییەکانی ئەیاس بۆ نووسینگەی وەزارەتی دەرەوەی لەندەن و هاوکات دانەیەکیشی بۆ حکوومەتی هیندستان لە "سیملا" دەنارد. قەرەنتینەی تەندروستی لاپەرەیەکی نوێی لە ڕکابەری "ئەنگلۆ- ڕووسیا" بۆ ئاسیای ناوەندی کردەوە کە دواتر بە ناوی"کایەی مەزن" ناوبانگی دەرکرد. پتر لە سێ ساڵی نەخایاند، کە نوێنەرایەتیی ئەم دوو هێزە پاشایەتییە لە شارێکی گچکەی لێواری دەشتی کەویر دەستیان بە دانوستان کرد و لە میوانییەکانی یەکتردا بەشدارییان کرد و ئێوارە خوانیان لەبەر یەکتری دەگێڕایەوە.

یەکێک لەو یەکەمین ئەو ڕاپۆرتانەی کە بۆ وەزارەتی دەرەوە نێرران ئاماژەیان بە هۆکاری سەرەکی بەدگومانی بریتانیا لەمەڕ ئەیاس کردبوو: " ئەو خاوەنی باشترین نەخشەگەلی ڕووسیا، زۆر باشتر لەوانەی ئێمە هەمانە، بەردەوامیش خەریکی کاری سیخوڕییە. (٦)

وێنەگرییەکەشی ڕەنگە بەشێک بێت لە کار و چالاکی سیخوڕیی ئەو. جیا لە 1/4x3 1/4x ئینچ شێوەی دووربین، ئەیاس دووربینێکی پانۆرامیکی هەبوو کە وێنەی قەبارە 3x12 1/2 ئینچی بەرهەم دەهێنا و وێنەکان لەسەر لوولە فیلمیکی چوار ئینچ ملیمەتری)٨٩ (305 x 100 میلیمەتری) پان تۆمار دەکران. بە پێی بابەتەکانی وێنەگری، کاتێک ئەو) و لە ساڵی ١٩٠١ هاتە شاری "تۆربەت" ئەم دووربینەی لەگەڵ خۆی پێ بوو، هەرچەندە کە تەنیا یەک دانە لە وێنەکان ڕێکەوتی وردی دیارە، دەکرێ بڵێین لە شوباتی ١٩٠٤ گیراوە. سایز و ڕێکەوتی وێنەکە هەرچۆنێک بێت دەریدەخات کە دووربینەکە ژمارە ٤ی پانۆرامای کۆداکە، دەزگایەک بە لێنزی بگۆڕ و بە ١٤٢ پلە مەیدانی دید. (٧)

لە ٢٦ی شوباتی ١٩٠٤، دەستەی ئەنستیتۆی"کارنیگی" بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران ئەرکێکی جوگرافی کە لە لایەن "ئێلسۆرز هانتیگتۆن"ەوە بەڕێوە دەچوو، لە "تۆربەت – حەیدەری" وەستا و لەبەر دڵ ئێشانیان لە قونسوڵی بریتانی بۆ مانەوەی شەو ڕوویان لە ناوەندی سکرتاریەتی ڕووسیا کرد و لەوێ مانەوە. (٨)

ئەیاس دووربینە پانۆرامیکەکەی خستەکار بۆ نیشاندانی ڕووداوەکان. (وێنەی ٢).

لە پێشەوەی ڕیزی یەکەم ئەمانە دانیشتوون، "هانتیگتۆن" و "یانچێویتسکی" سکرتێری تایبەتیی حاکمی "ئەشک ئاباد"(نەفەری سێیەم و چوارەم لە چەپەوە) و ئەیاس (هەشتەم لە چەپەوە) لەتەک بەرپرسان و پیاوماقووڵانی ئێرانی لە لای ترەوە. ئەوانەی لە پشتەوە ڕاوەستاون بە لای چەپەوە قەزاقەکانن و بەلای ڕاستیشەوە ئێرانییەکانن و زۆر دوورتر لە پشتەوە کۆمەڵێک پێشخزمەت وەستاون. سەرجەم زیاتر لە پەنجا کەس لەو وێنەدا تۆمارکراون.

ئەو سی نێگەتیڤە پانۆرامیکەی کە بە ساغی بەجێماون بەسەر کۆمەڵێکی گەورەی وێنەدا دابەش دەبن کە هەروەک باسکرا وێنەکان ناوەڕاست خەڵک و بیناکان لە دوورە دیمەن و پانۆرامادا نیشان دەدەن. کۆمەڵێکی سەرنجڕاکێشی تری وێنەکان"ئەیاس" لەگەڵ قەزاقەکانی خۆی نیشان دەدەن. (وێنەی ٣).

دارشت و بەستنی کادر بە وردی کاری بۆ کراوە لەگەڵ ڕیزێک لە هەژدە قەزاق بەرانبەری دووربین و "ئەیاس"یش لە چەق و ناوەندی وێنەکەیە، بەڵام نەک لەسەر هێڵی قەزاقەکان. قەزاقەکان بێ خەم و ڕاحەت وەستاون، یەک لە ئەمان بە کڵاوی لار، دەستی لە گیرفانەکانی ناوە و بە حاڵەتێکی لەخۆباییانە وەستاوە. ئەیاس بە ئۆنیفۆرم و مێداڵەکانییەوە نیو هەنگاوێک لە پێشەوەی ئەوانی تر وەستاوە لە کاتێکدا لە دوورترین شوێن لە چەپەوە جلشۆرێک جلەکانی لەسەر تەناف هەڵدەخات.



وێنەکـــانی ناوەڕاست بریتین لە ئارامگەی پیـــرۆزی حەیدەری، دیمەنی گوندەکانی "تۆربەت"، چادر و چیغی کـۆچەرێک لە بەرزاییـەکـان و دیمەنی گـشـتـی شـوێنی حەسانەوەی ڕووسەکان. (وێنەی ٤).

دووره دیمەنە پان و بەربلاوەکـان بە زۆری لەو ئاوایی و شوێنانەی ناو دەشتی کەویر پێکدێن، هەروەها تەپۆڵکە بەردینەکان و زنجیـرە چیای"حەسـەن قـوڵ" یان (حـەسـەن قولی، وەرگێڕ) لە پاشخانی وێنەکاندا. (وێنەی٥) جا چ خـەڵک، یان شـوێنەکـــان، ئەم فـۆتـۆیانە لە بنەڕەتدا ئامانجێکی بەڵگەنامەیی پێکدێنن. جیا لەو ڕاپۆرتانەی ئەیاس کە بۆ بەرپرسە فەرمییەکان لە "سان-پترسبۆرگ " بەڕێ دەکران، بەشی وێنەکانیش بوون و ئێمە دەبێ بزانین کـە ئەمـــانە بەڵگەی تایبـەتی بوون کـە تۆمـارکـەری ئەزموونەکانی ئەو لە ئێران بوون. زۆر لەو کارت پۆستانە لەو وێنانە چێکراون کە بە کامێراکەی تری ئەیاس گیراون و دواتر نێـردراون بۆ دایک و خوشکی لە فـیـلاند کـە بەڵگەمەندبوونی ئەم وێنانە پشتڕاست دەکەنەوە.

## ئێران و خەڵکەکەی

لە ساڵی ١٩٠٧ دوو ئیمپراتۆری بڕیاریان دا پێکەوە دانیـــشـــتنیـــان هەبێت، پاشـــان پەیمانی"ئەنگلۆ - ڕووسی"یان مۆر کرد. دواتر هەندێ هێڵی ڕاستەوخۆی دووروودرێژ لەسەر نەخشەی ئێران کێشران کە ئێرانی دابەش بە دوو ناوچەی ژێردەسەڵاتی ڕووسەکان لە باکوور و بەریتـانییـەکان لە باشوور دەکرد و ناوەندی ئێرانیش وەک ناوچەیەکی بێ لایەن مایەوە. (وێنەی ١). ڕکابەری ئیـتـر لەسـەر کـاغـەز کـۆتایی هاتبوو، بەڵام وەک پارێز کـردن، ئەیاسی قـونسـوڵ بە هەندێک وردە ئەرک لە "تۆربەت" بۆ ماوەی چوار ساڵی تر مانەوەکەی لە لایەن ڕووسیاوە نوێ کرایەوە. دواجار لە تشرینی یەکەمی ١٩١٢ کە یەکەم قونسوڵگەری ڕووسیا لە سابڵاغ کرایەوە ئەو وەک یەکەمین قونسوڵ لەم شارە دیاری کرا. باکووری ڕۆژئاوای ئازربایجانی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی سەربازی، ئابووری ڕووسەکاندا بوو و بە ڕواڵەت و تەنیا لەسەر نەخشە سەر بە حکوومەتی ئێران بوو. دەستەی بەڕێوەبەری سابڵاغ بە تەواوی لەبەر دەستی کوردەکاندا بوو کە کەوتبووە ژێر هەڕەشەی بەردەوامی هێرشی تورکەکان. لێرەوە سەردەمی کار و چالاکی ئەیاس بە تەواوی دەستی پێ دەکرد کە تێکەڵ بە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی عەشیرەتگەلی ناوچەکە دەبوو. ئەیاس لە ڕاپۆرتە تێر و تەسەلەکانی بۆ وەزارەتی دەرەوە لە "سان-پترسبۆرگ" بە باشی ئەمەی لە هەندێک لە وێنە سەرنجڕاکێشەکانیدا بەڵگەمەند کردوون.

گشت وێنەکانی ئەم سەردەمە بە دووربینی 3x1/4 x51/2 ئینچ گیراون و جیا لە دووانیان، سەرجەم وەک بەڵگەنامەی تایبەتی تۆمار کراون. یەکیان هی کۆمەڵێکی دوازدە وێنەی چاپی کۆنتاکتن کە بریتین لە ڕاپۆرتی نهێنی مانگانەی کانوونی یەکەمی ١٩١٢ بۆ وەزارەتی دەرەوە. (٩)

ئەیاس بەرپرسیاریەتی دەستەیەکی بۆ داوێنی چیاکانی زاگرۆس بە ئەستۆ گرتبوو لەو مەڵبەندەی کە بەم دواییانەوە لە لایەن سەربازە تورکەکانەوە چۆڵ کرابوو. ئامانجی یەکەمی دەستەکە ئاشت کردنەوەی ڕێبەرانی مامەش پێکەوە بوو، بەڵام "ئەیاس" بە نهێنی خەریکی وێنە گرتنی پێگە و بارەگا سەربازییە چۆڵکراوەکانی تورکەکان بوو، بۆ ئەوەی لایەنگرانی عوسمانی لە سابڵاغ لێی بەشک نەکەون سەفەری خۆی و دەستەکەی وەک چوون بۆ ڕاو لە ناو قەرە پەپاخەکان نیشان دەدا. (ئەمانە کۆمەڵێکی ئیتنیکی بوون کە سەرەتا لە یەریڤانی ئەرمەنستان دەژیان و بە هۆی ئەوەی کە سەرۆکەکانیان کڵاوی پێستی ڕەشیان لەسەر دەنا بەم ناوە ناسراون. وێنەی ٦).

ڕاپۆرتگەلی مانگانەی ساڵانی ١٩١٢، ١٩١٣، ١٩١٤ وێنەیان لەگەڵ نەبوو.

دەرهاویشتەی دووەم لە شێوەی ٢٧ وێنەدا بوو کە بەشێک بوون لە ڕاپۆرتێکی نهێنی بۆ ڤلادیمێر مینۆرسکی نوێنەری ڕووسیا بۆ دەستەی دیاریکردنی



سنوورەکانی ئێران و تورکیا.(١٠)

لە نێوان کانوونی یەکەمی ١٩١٣ و تشرینی یەکەمی ١٩١٤ ئەندامانی دەستەکە بە درێژایی ئەو سنوورە جێناکۆکانە لە هاتوچۆدا بوون لە کەنداوەوە تا چیای ئەرارات بە مەبەستی چێکردنی نەخشەیەکی جێی ڕەزامەندیی گشت لایەک. ئەیاس" بەرپرسیاریەتی دەستەی شوناسی سەرەتایی سنوورەکانی سابڵاغ و دەوروبەری بۆ مانگێک لە ئەستۆ گرت. ئامانجی ئەو کۆکردنەوەی زانیاری بوو بۆ مینۆرسکی لەو نیشانە تایبەتانەی کە عەشیرەتە جۆربەجۆرەکانی کورد لە سنووری نێوان دوو وڵات هەیانبوو. لە چیاکانی نزیک گوندی"تەرکەش" لە ١١ی مانگی ئابی ١٩١٣ ئەیاس تووشی"بایز پاشا"ی مەنگوڕ دەبێت کە لایەنگری تورکەکان بوو، بەڵام هەنووکە لە ژێر ئاگاداری و پاراستنی قونسوڵگەری ڕووسیادا بوو دژ بە حاکمی گەندەڵی تەورێز. ئەیاس ڕێزێکی تایبەتی بۆ بایز پاشا هەبوو و بەم جۆرە لە نووسینەکانیدا ڕوونی کردووەتەوە "پیاوێکی کەڵەگەت و بە خۆوە، بە ئەندامێکی ڕاکشاوە و پتەو. لەسەر و سیما و لەشی، هێزێکی لەبڕان نەهاتوو بەدی دەکرا.(١١)

هەنووکە دیسانەوە بایز پاشا دەبینێت و دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ ئاشتکردنەوەی بایز پاشا و عەشیرەتی پیران. تا ئەو جێیەی بۆی کرابا، ئەیاس هەوڵی دەدا کێشەی ناو عەشیرەتەکان چارەسەر بکات بۆ ئەوەی بیانوو نەداتە دەست تورکیا بۆ دەستێوەردانی زیاتری تورکەکان و سنوور بەزاندنیان لە ناوچەکەدا. وێنەی بایز پاشا بە دانیشتنەوە لە ڕیزی پێشەوەی پیاوەکانەوەیە. (وێنەی ٧). یەکێک لە چوار وێنەکە بۆ نیشاندانی ئاکامی ئەرێنی دانوستانەکانە. کۆمەڵێک پۆرترێتی پیاوماقووڵانی ڕووسی و ئێرانی کە جامی شەرابیان بەرزکردووەتەوە و بە خۆشی یەکتر دەخۆنەوە بۆمان بە جێماون. لە یەکەمین بینیندا لە سەحنەیەکی ئاشقانە دەچێت. دوو کەسایەتی سەرەکی هەن: ئەوەی ناوەند، بەرپرسێکی ئێرانییە کە هەنووکە وەک (اطلاع الملک) ناسراوە، لە دەستەی دیاریکردنی سنوورەکان کەسی ڕاوەستاوە لەلای چەپ ڤلادیمێر مینۆرسکی نوێنەری ڕووسیای ناو دەستەکەیە کە دواتر بوو بە زانایەکی بەناوبانگ لە مێژوو و ئەدەبی ئێراندا. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٤ ڕەنگە دارشتنی نەخشەی سنووری کۆتایی هاتبێت، بەڵام بەڵگەنامەکانی"ئەیاس" ئەمە ناسەلمێنن. هەرچییەک بێت بۆنە و حاڵەتە ڕەسمییەکان بەشێک لە ڕووداوەکە بوون کە بە وردبینییەوە لە لایەن وێنەگرەوە تۆمارکراون (سەرنج بدەنە ئەو جلە سپییەی پاش پەنجەرەکە بۆ ئەوەی ڕووناکایی نەکەوێتە سەر لینزەکانی دووربین).

کەسانی نەناسراو لە زنجیرە وێنەیەکی "ئەیاس"دا دەردەکەون کە لە سەریان نووسراوە"دیمەنەکان و خەڵکی سابڵاغ لە زستاندا" و بە ئەگەری زۆر ئاماژەیە بۆ زستانی ١٩١٤-١٩١٥. ئەم وێنانە ئاماژە بە بەشداری و چالاکی وێنەگر لەو شوێنە دەکات کە لێی دەژیت. لە فۆتۆیەکدا (وێنەی ٩) چوار پیاو بەرانبەر دووربینەکە پیاسە دەکەن لە دەستی چەپی وێنەکە، لە لای ڕاستیش دیمەنی ڕیزێک دار و درەختی ڕووتەڵە و چیاکانن کە وێنەیان کەوتووەتە ناو پاش ئاوێکی سەر زەوی.

پیاوێکی تر وەک سێبەرێک بە ناو دارەکاندا تێدەپەڕێت. ئەم وێنانە ئارام و تایبەتین و جوانی گۆشەنیگا و دوورە دیمەن دەردەخەن.

ئەیاس خەڵکی باکووری ئەورووپا بوو و دەبێ دیمەنە بەفراوییەکان ئەویان بەبیر خاکی فیلاند خستبێتەوە. لە کاتێکدا شاری سابڵاغ قەیرانێکی ئاڵۆز و توندوتیژی تێدەپەڕاند. خەڵکی شار بڕوایان بە بەڕێوەبەرایەتی ئێرانییەکان نەمابوو و لە گەندەڵی حاکم(سەردار موکری) وەزاڵە هاتبوون. ئاژاوەگێڕە تورکەکان خەریکی دنەدانی خەڵکی شار بەرەو شۆڕش بوون. لە کانوونی یەکەمی ١٩١٤ هێزە خێڵەکییەکەی تورک سنووریان بەزاند و پەیوەست بەو هەژمارە کوردە شەڕکەرەی مامەش و

مەنگوڕ بوون کە تا دەهات زیادی دەکرد، ئەمان دەستیان بەسەر شاری «سابڵاغ»دا گرتبوو و حاکمی شاریان سەر بڕیبوو. ئەیاس بۆ شاری میاندواو پاشەکشەی کرد. دواتر لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی یەکەمدا هێرش کرایە سەر میاندواو. بەر لە جێهێشتنی شوێنەکەی ئەیاس بە سواری ئەسپ گەڕایەوە بۆ نشینگە کاتییەکەی بۆ کۆکردنەوەی هەندێک کەلوپەل کە لە بیری چووبوو. ئەمە ئەو کاتە بوو تەقەی لێکرا، پاشان سەریان لە لەشی جیاکردەوە، کردیان بە نێزەیەکەوە و لە بەرانبەر ئەو قۆشەنە یاخییە ڕێژە ڕۆیشتن. قۆشەنەکە ئێستا نزیکەی حەوت هەزار کەسی بە هێز دەبوو، بەرەو ناوەندی پارێزگا، واتە تەورێز بەڕێ کەوتن. لێرە سوپای ڕووس بە ترس و لەرزەوە ڕای کرد. سێ هەفتەی دواتر ڕووسەکان دیسان کۆبوونەوە و لە شەڕی"سوفیان" دەستیان بەسەر تەورێزدا گرتەوە. لە گیرفانی ئەفسەرێکی کوژراوی تورک کاتژمێر، مۆر و میدالەکان و بەڵگەنامەکان کە بریتی بوون لە بەستەیەک کە نێگەتیڤەکانی تێدا پێچرابوونەوە، دۆزرانەوە. دواجار نێگەتیڤەکانیان بۆ دایکی"ئەیاس" نارد لە "لۆویزا"ی فیلاند. لە ساڵی ١٩١٥ ڤلادیمێر مینۆرسکی شێن نامەیەکی(١٢) بۆ ئەیاس نووسی و پێشانگەیەکی بچووکی لە وێنەکانی ئەو لە وەزارەتی دەرەوە لە "سان- پترسبۆرگ" کردەوە. لە یەکەمین جەنگی جیهانیدا شۆڕشی ڕووسیا و دواتر جیابوونەوەی فیلاند لە ڕووسیا بووە هۆی ئەوە "ئەیاس" بۆ نزیکەی سەدەیەک لە بیر بکرێت. وێنەکانی ئەلیکساندەر ئیڤانۆڤیچ ئەیاس لە بارەی ئەو خەڵکانەن کە ئەو لە گەڵیان ژیاوە و کاری کردووە. چەند فۆتۆیەکی لێ دەرچێت کە ئەزموونە تایبەتییەکانی ئەو تۆمار دەکەن. لە جیاتی ڕێکخستنی بابەتی خۆی بۆ گەیاندنی کاریگەری تایبەت، ئەو سەحنەیەکی بە باشی و ڕاستگۆیانە بەڵگەمەند کردووە. یەکێک لە پۆرترێتەکانی خۆی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩١٠ وەک کارت پۆست بۆ خوشکی ناردووە. بە نموونە ئەم لایەنە لە کارەکەی بۆ دەردەخات و نیشان دەدات. (وێنەی ١٠).

ئەیاس تا کۆتایی نیشتەجێ بوونی لە "تۆربەت- حەیدەری" لێرەوە دەبینرێت. داواکاری ئەو بۆ دەست لە کارکێشانەوەی وەرنەگیرا و ئەیاس لەو هەموو هاتوچۆ و گواستنەوەی ئەرکەکەی بۆ ئەم لا و ئەو لا نائومێد و وەڕەز بووبوو. لە پشت کارتەکەوە سەرنجێکی تەکنیکی نووسیوە کە ئەم وێنەیە گەورە کراوەی وێنەیەکە کە ماوەیەک لەمەوپێش گیراوە و ئاسەواری ماددەی "مەنزیۆم"ی پێوە دیارە. دوای ساڵانێک خزمەتکردن لە وڵاتانی بێگانە و سەخت پۆرترێکە بە سانایی دەڵێت: " ئەوە منم، ئێستە."

**سەرچاوە:**

**Persia through a Russian Lens, 1901-: 1914: The Photographs of Alexander Iyas**
**John Tchalenko**
**University of the Arts London 2006**